# بۆ یەکەمین هاوڕێکانی تەمەنم!

هۆ کەژاڵە چاوگەشەکەی قژڕەشەکەی زیتەڵەکەم!
ئێستاش یادی چاوشارکێنی کۆڵانەکە لە یادمە،
بە پێخاوسی، لە بەر هەتاو، بە هاوینان.
هۆ سامانە بەرد هاوێژە سەرەڕۆکەی بزێوەکەم!
ئێستەش پێشبڕکێی خلۆکەی پاسکیلەکان بۆ گربداغ لە یادمە،
بە قوڕاودا، بە چڵپاودا، لە بەر باران.
هۆ ڕزگارە ڕانکو چۆخە لەبەرەکەی تەڕپۆشەکەم!
ئێستەش بەیەکەوە چوون بۆ قوتابخانەکەی ئاسۆسم لە یادمە.
لە سەرمادا، لە بەفردا، بە نیوەڕوان.
ئێوە یەکەم هاوڕێی من بوون،
ئێوە یەکەم دراوسێی من بوون.
ئای لەو ڕۆژە ترسناکەی بە چاوان دیم!
ئای لەو کارەساتو ترۆمایەی بۆ یەکەم جار هەستی منالیمی هەژاند!
لەو ڕۆژەوە جەستەی پارچە پارچە کراوی ئێوەم بینی،
بینینی فڕۆکەکان لە ئاسمانا ئەم ترسێنێ،
گرمەو ناڵەی تەیارەکان دڵی من دائەخورپێنێ،
ئەمباتەوە بۆ ئەو ساتە سامناکانەی لاشەی ئێوەم تیا بینی!

کەژاڵو سامانو ڕزگار سێ خوشکو برا بوون لەگەڵ دایکیانو سێ منالی تری ئەو ماڵە جگە لە باوکیان کاک ئەحمەدی حاجی سابیر کە لەکاتی بۆردوومانەکەدا لە ماڵەوە نەبوو لە ٢٤ ی چواری ١٩٧٤ دا لە بۆردوومانی قەڵادزێدا لەبەرچاووم پارچە پارچە بوون.

فەتاح مەمەند/ کەنەدا ٢٤ی چواری ٢٠٠٥